کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
30-10-2007 20:15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خۆپیشاندان دژی کردەو هێرشی سەربازی لەشکری تورکیا بۆ باشوری کوردستان، لە ستۆکهۆڵم بە بەشداری نزیکەی 5000 کوردی وڵاتی سوید بەڕێوە چو

لە ژێر دروشمی (نا بۆ شەڕ بەڵێ بۆ ئاشتی) و (هێرشی لە شکری تورکیا بۆ سەرخاکی کوردستانی عێراق ڕاگرن) ڕۆژی یەکشەمە 28-10-207، لە ستۆکهۆڵم پایتەختی سوید خۆپیشاندانێکی سەرکەوتوانەو مەزنی کوردەکانی وڵاتی سوید بەڕێوە چو بە بەشداری نزیکەی 5000 کوردی دانیشتوی وڵاتی سوید و بەشداربوان بە سەدان ئاڵای کوردستانیان هەڵکردبو.



خۆپیشاندانەکە لە لایەن کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسیە کوردو کوردستانیەکان کە 18 پارتی سیاسی هەرچوار پارچەی کوردستان ئەندامن تێیدا (لە نێوانیاندا یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیەتی) و فیدراسۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکانی سویدو ئینسیاتیڤی کورد لە سوید ئامادەکرابو.

سەرەتا وتاری لیژنەی هاوبەش لە لایەن شەرمین بۆزئەرسەلانەوە بە سویدی و و بەکوردی لە لایەن ڕۆژنامە نوس کوردۆباکسی خوێندرایەوە و پاشان سەرۆکی پارتی چەپی سویدی لارش ئۆلی و ئینگر سێگلستروێم ئەندامی سەرکردایەتی سۆشیال دیموکراتەکان و ئێریک مالم ئەندامی پەرلەمانی سوید لە پارت گەلی سوید و ڕێبوار حەسەن لە نوێنەرایەتی پارتی ژینگەی سویدەوە بە وتار بەشدار بون هەروەها پارتی مۆدێراتی سوید بەهۆی بەستنی کۆبونەوەی گشتیان بە نامە بەشدار بون.
هەروەها کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی ناوداری کورد بە چەند کۆپلەلەک خۆپیشاندانەکەیان ڕازاندەوە لە نێوانیاندا چۆپی، سۆزان، ڕیزان و جەندین هونەرمەندی تر، شایەنی ئاماژەیە بەشداربوان لە شارە دورەکانەوە و بە چەندین ئۆتۆبوس ڕێگەی دوریان بڕی بو بۆ بەشدار بون.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.